کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
30-5-2007 1:36بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## نەکەن لە داخی برایمی مەلافەندی هانا بۆ نوری سەعید بەرن!!! ... جمال مەلاقەرە

لەسەردەمی پاشایەتی دا، چینی جوتیارو هەژاری ڕەش و ڕووتی کوردستان بە دەست ئاغاودەرەبەگەکانەوە دەیاننالاند، لە ڕۆژگاری ئیمرۆشدا بەدەست گەندەڵی و ناعەدالەتی بەرپرسە گەورەکان. ئەگەرچی ڕژێمی پادشایەتی لە ماوەی 38 سالی تەمەنی خۆیدا (1958-1920)، نیو ئەوەندەی شەش مانگی ڕابردووی ئەم ساڵمان خەڵکی نەکوشت (خۆ ئەگەر تاوانەکانی زەعیم سدیق و تەها شەکرچی و عومەر عەلی نەبونایە، ژمارەی قوربانیەکان زۆر لەوەش کەمتر دەبوون)، بەڵام ئاغا و دەرەبەگەکانی کوردستان فیرعەون ئاسا خوێنی خەڵکیان دەمژی و هەر جوتیارێکیش دەنگی نارەزای لێوەبهاتە لە چاڵیان دەنا، بۆیە لەو ڕۆژگارە چەند جوتیارێکی چەوساوەی دەشتی هەولێر و کەندیناوە بڕیار دەدەن، نوێنەرێکیان بنێرنە لای نوری سەعید (ئەوکات سەرەك وەزیرانی عێراق بوو) بۆ ئەوەی تۆزێ زوڵمی برایمی مەلا فەندیان لە سەر کەم بکاتەوە. بەهەر حاڵێکی بێ، چەند عانەیەک لە نێو خۆیاندا کۆدەکەنەوەوفەلاحێکی بەدەم وپلی پێ ڕەوانەی بەغدا دەکەن. بە گەیشتنە بەغدا کابرای فەلاح یەکسەر دەچێتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران و لەلای عەرزوحالچیەکی ئەوێ، داوای چاوپێکەتنی نوری پاشا دەنوسێ و پێشکەشی دەکا. پاش چەند ڕۆژێک لە چاوەڕوانی، خەبەری پێدەدەن کە نوری پاشا ڕەزامەندی خۆی ڕاگەیاندووە لە سەرداواکاریەکەی و ئامادەیە گوێ لێبگرێ. جوتیاری لە برسا دەم و چاو ڕەق هەڵگەڕاویش بە کورتەك و شەروالی پینەکراوەوە لە بەردەمی سەرەك وەزیران قوت دەبێتەوە، بەڵام هێشتا دەم ناکاتەوە:

نوری سەعید: کاکە خەڵکی کوێندەری

جوتیار: گەورەم خەڵکی هەولێرم

نوری پاشا: مادام خەڵکی هەولێری لە بەر خاتری برایمی مەلافەندی هەرچی داوایەکت هەیە بەسەرچاو!!!

جوتیاری بەستەزمان لە حەژمەتان تف لە قوڕگی ووشك دەبێ ونوتقی دەگیرێ، نوری سەعید تێدەگا مەسەلەکە چیە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەوانیش وەك براگەورەو بەرپرسەگەندەڵەکانی ئیمڕۆکەمان سەروکلکی یەکبوون، ئامادە نەبوو دڵی برایمی مەلافەندی بۆهەزار نەگبەتی وەك خاڵۆی جوتیار بڕەنجێنێ. بۆیە دەڵێ کاکە مەترسێ ئەتو لە شاری مەلافەندیەوە هاتووی من چۆن داواکەت جێ بەجێ ناکەم، فەرموو قسە بکە!!!

جوتیار: وەڵلا قوربان برایم ئاغا ئەوەندەی مەدحی توی لەکن کردینە ئەمنیش لە خۆشیا هەرویستم بە دیدەنت شاد ببم.

نوری سەعید: بەپێکەنینەوە دەباشە ئەوە ئاواتەکەت هاتەدی، بەڵام کە گەڕایتەوە، بیرت نەچێ سلاوڕیزی زۆرم بگەینیە برایم بەگ!!!

نوری سەعید پەروەردەی دەستی ئینگلیزبوو، دوژمنێکی پێ زۆر و هەزاران دۆستی پێ کەم بوو، بۆیە بێ خۆ لێ تورەکردن و ئیشارەت دانە پاسەوانان کابرای بە ڕێکرد بێ ئەوەی داواکەی نەرەتکرابێتەوەو نە جێ بەجێش کرابێ.

نوری سەعید، نیو سەدە پێش ئێستا حاکم بوو، کەچی لە سەدەی بیست و یەك و لە کوردستانی ئازاد، بۆ ئەندامێکی حیزبی سەرۆك، ئینجا چ ئەم سەرۆکە مام بێ یان کاک، حەدی هەیە زاتی ئەوەبکا بڵێ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

جەنابی سەرۆك فلانە ئەنفالچی دوێنێ وپیاوی ئیمڕۆی خۆتان زوڵمان لێدەکا، ئینجا چ جای ئەوەی هاوڵاتیەکی هاکەزایی بڵێ قوربان فلانە بەرپرسی حیزبەکەتان گەندەڵە!!!!

بۆ ئاگاداریتان برایمی مەلافەندی ئەگەرچی وەك هەموو ئاغەکانی تری دەشتی دزەییاتی، فەلاحی دەچەوساندەوە، بەڵام نەك هەر ئەنفالچی نەبوو، بەڵکو لەترسی ئەو و ئاغەکانی تری دزەییاتی دوژمن زاتی نەدەکرد بستێ تەجاوزبکاتە سەر خاکی کورد لە قەراج و کەندیناوە. ئەم ئەنفاڵچیانەی ئیمڕۆش کە سەرکردایەتی کورد پشتیوانیان لێ دەکەن، نەك هەر زوڵمیان لە کوردی خۆیان کردووە، بەڵکو لە پێش سوپاکەی بەعس بوون لە ئەنفالەکان و ژن و کچی کوردیان بۆ وەلەکە عەرەبە بەعسیەکان ڕاو دەکرد، ئەمەش سەرکردایەتی کورد دەخاتە بەردەم سەنگی مەحەکی ئەو یاسایەی کەخۆیان دایانناوە!!!

07/05/29

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.